## بەردەوام بێت ڕێبازی دووی ڕێبەندان

٧٣ ساڵ بە سەر دامەزراندنی یەکەم دەوڵەتی مۆدێرنی کورد واتە "کۆماری کوردستان" لە شاری مەهاباد دا تێدەپەڕێ. دیاردەیەک کە بە هۆی تایبەتمەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانییەوە لە زومرەی گرینگترین ڕووداوی مێژووی جووڵانەوەی رزگاریخوازانە و شوناسخوازانەی نەتەوەکەمانە.

باروودۆخی جیهانی و ناوچەیی لە جەنگەی شەری دووهەمی جیهانیدا وهەلومەرجێک کە لە ئاکامی داگیرکردنی باکوور و باشووری ئێران لە لایەن سوپای هاوپەیمانان (سوڤییەت، ئینگلیس وئەمریکا) هاتەئاراوە و دامودەزگای حکوومەتی دیکتاتوری رەزاشای تووشی دارمان کرد، دەرفەتی لە باری بۆ راپەڕینی نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران ئافراند و کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە باشترین شێوە کەڵکی لێوەرگرت و بە دنیای راگەیاند کە وەک نەتەوە مافی سرووشتی خۆیەتی خاوەندارییەتی لە چارەنووسی بکات و لە نیشتمان و وڵاتیدا سەروەری و دەسەڵاتی سیاسی خۆی بەدەستەوە بگرێ.

رووناکبیران و خەباتکارانی کورد لەسەردەمی دەسەڵاتی شۆوێنیستی رەزاشادا، بە لە بەرچاوگرتنی ئەزموونەکانی مێژووی کورد و هەروەها پێویستی کۆمەڵگا بە رێکخراوەی مۆدێرن و هاوتەریب لە گەڵ نەزمی نوێی دنیای سەردەم و بە کەڵکوەرگرتن لە خەبات و تێکۆشانی هاونیشتمانانیان لە بەشە داگیرکراوەکانیتری کوردستان، بۆ یەکەم جاردەستیان بە خۆ ڕێکخستن لە چوار چێوەی تەشکیلات دا کرد و رێکخراوەی "کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان" یان لە ساڵی ١٩٣٨ی زایینی لە شاری مەهاباد دامەزراند، کە دوایی بووبە "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" واتە " کۆمەڵەی ژ.ک" (٢٥ی گەلاوێژی ١٩٤٢) و پاشان بە نێوی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (٢٥ی گەلاوێژی ١٩٤٥) ئەرکی رێکخستن و بەرێوەبەری بزاڤی رزگاریخوازانەی کورد دەگرنە ئەستۆ.

"کۆمەڵەی ژ.ک" وەک رێکخراوەیەکی سەردەمیانە و خاوەن ئەزموون،کە نوێنەرایەتی ناسیونالیزمی کوردی دەکرد و باوەری بە یەکییەتی نەتەوەیی ویەکپارچەیی خاکی کوردستان بوو و بەرنامەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە ئەجێندا، دابوو، لە ماوەی زیاتر لە ٤ سال تێکۆشانیدا بەستێنێکی لەبار لە بواری فکری و سیاسییەوە لە ناو کۆمەڵگادا پێکهێنا ورۆڵێکی گرینگی لە ئاست پێگەیاندنی وشیاری نەتەوەیی گێرا و بووبە خاوەنی پێگەیەکی هەراو و بەرچاوی کۆمەڵایەتی.

لە دایکبوونی کۆماری کوردستان لە دووی رێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی (٢٢,١,١٩٤٦)ی زایینی ئاکامی رەنج و تێکۆشانی ئەندامانی ژ.ک و ویست و داوخوازی نەتەوەیەکی خاک داگیرکراو بە کویلە کراو بوو کە بە باشترین شێوە لە دەرفەت و مەجالی پێکهاتوو لە پێناو بەرژەوەندی نەتەوەیی دا کەڵکی لێوەرگیرا. رۆڵ و پێگەی قازی محەمەد لە ناو کۆمەڵگادا، وەک کەسایەتێکی رووناکبیر، خاوەن ئەزموون وشارەزا لە بواری سیاسەت و گرینگیدانی بە مەسەلە بنەرەتییەکانی نەتەوایەتی و پێداگر لە سەرمافە سرووشتییەکانی کورد، دەورێکی گرینگ و یەکلاکەرەوەی لە گەمە سیاسییەکانی ئەوکاتانەدا گێرا.

دەستکەوتە مێژوویی و بەرچاوەکانی کە لە ماوەی کورتی یازدە مانگ تەمەنی کۆماردا ، هاتە بەرهەم، ئاڵوگۆڕی بنەرەتی لە چۆنێتی بیر و بۆچوون و ژیانی ئینسانی کورد دا پێکهێنا و ئاسۆی روانینی تاکی کوردی سەبارەت بە بەرگریکردن لە ماف و ئازادییەکان و هەروەها لە خاک و نیشتمانی بەرینتر کرد و بووبە هۆی ئەوەی کورد پێناسەی خۆی باشتر بناسێ.

جووڵانەوەی دووی ڕێبەندان بزاڤێکی نەتەوەیی و دێمۆکراتیک بوو، واتە هەم خاوەنی وتاری سەربەخۆیی و هەمیش هەڵگری بەها و بایخە مرۆڤیی و کۆمەڵایەتییەکان بوو. کۆماری کوردستان لە پشتگیری و پشتیوانی پارچەدابڕاوەکانی دیکەی کوردستان بەهرەمەند بوو.حزووری بارزانییەکان بە سەرۆکایەتی مەلامستەفای بارزانی و بەشداری چالاکانەیان لە بەرگریکردن  لە کۆمار یەکێکیتر لە هۆیەکانی سەلمێنەری کوردستانیبوونی کۆمارە.

 حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە ڕێبەری کەسایەتێکی کاریزما و جێی مەتمانەی خەڵک واتە قازی محەمەد توانی لە ماوەیەکی کورتدا بە کردەوە کۆمەڵێک هەنگاوی گرینگ سەبارەت بە دابینکردنی پێداویستییە سیاسی،فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵک هەڵێنێتەوە و بۆ یەکەمجار چەمکەکانی دەوڵەت،دەسەڵات، دێموکراسی ئاوێتەی ژیانی کۆمەڵایەتی بکات و بۆ مەبەستی ئیدارەکردنی وڵات بە کاریان بێنێت.

بە داخەوە تەمەنی کورتی کۆمارمەودا و دەرفەتی بۆ درێژەدان و گەشەسەندنی پرۆسەی دەوڵەتداری و گەیشتن بە ریزی نەتەوە سەربەستەکانی دنیای بە کورد نەدا و کەوتە بەر پیلان و هەرشەی بەرژەوەندیخوازانی نێودەولەتی ودەسەڵاتدارانی داگیرکەری فاشیستی ئێران ولە گەلەکۆمەیەکی نێوخۆ و نێودەوڵەتیدا هەرەسیان پێهێنا. ( ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥)ی هەتاوی. هاوپەیمانان ( یەکییەتی سوڤیەت،ئینگلیس و ئەمریکا) لەو پیلانگێڕییەدا دەوری بنەڕەتیان گێڕا.

 گەرچی کۆماری کوردستان ساوابوو و نەیانهێشت پیبگرێ،بەڵام سەرمایەکی فکری و مەعنەوی وەها بەنرخی بۆ وەچەی دوای خۆی بەجێ هێشت کە هەتاهەتایە لە بن نایەت وبۆتە هاندەرو بزوێنەری تاکی کورد بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی.

بە کورتی ئەوەی وەک ئەزموون و دەرس لێوەرگرتن لە پرۆسەی دامەزراندنی کۆمار و هەرەسهێنانی دەکرێ لە بەرچاوی نەتەوەکەمان و هێزە سیاسییەکانی کوردستان  بە گرینگ بزانرێ ،  ئەوەیە کە داگیرکەرانی کوردستان پێش هەمووشتێک  چاویان بریوەتە خاک و سەرچاوەی بەرهەمهێنەری نەوت و گاز و کانی و کانزاکانی کۆردستان. ئەوان نایانهەوێ  تەنانەت یەک کوردیش لە سەر ئەو خاکە بژی بۆیە بە هەموو شێوەیەک هەوڵی ئاسیمیلەکردن و لەناوبردنی دەدەن. کورد و هێزە سیاسییەکانی گۆڕەپانی کۆردستان دەبێت ئەوە باش بزانن، بۆ داگیرکەران جیاوازی لە نێوان خودموختاریخواز و فیدراڵیخواز و سەربەخۆییخواز نییە، ئەگەریش بە رواڵەت جیاوازی دابنێن، تەنیا بە مەبەستی دووبەرەکی نانەوە لە ناو کورد دایە. پێشەوا قازی هەموو هەوڵی خۆی دا، بۆ ئەوەی بە ڕێگای ئاشتی دا مافەکانی کورد مسۆگەر کا، لە ناویان برد. دوکتورقاسملوو لە سەر میزی وتووێژو دوکتور شەرەفکەندی بە پیلانگێری و هاودەستی ئوپوزیسیونی ئێرانی شەهید کران، بەرێز ئۆجەلان بە پیلانی نێودەوڵەتی دەستبەسەر کرا. بۆ دژایەتیکردن و لەباربردنی ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی باشوور دەیان پیلان و بەرنامەیان  دارشت، کۆلبەرکوژی بۆتە کاری رۆژانەیان، دژایەتی لە گەڵ جووڵانەوەی مەدەنی و ئیعدامی بە کۆمەڵی لاوان و مووشەک بارانی ئازادیخوازان ... ئەوانە مشتێ لە خەرواری  جینایەتەکانی داگیرکەرانی کوردستان، بە تایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردستانە.

 جگە لە کۆی ئەوانە شەری نەرمی ژووری فکری وەزارەتی ئیتلاعات بۆ چەواشەکردن و بە لارێدا بردنی تاکی کورد و بە مەبەستی نانەوەی دووبەرەکی و دەژمنایەتی ناو ماڵی کورد بە یارمەتی زرە ڕووناکبیر و مووچەخۆری  کورد بەشێکی دیکەی هەرەوەزی شێواندنی شوناسی نەتەوەیی کورد لە لایەن کاربەدەستانی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی ئێران دژی نەتەوەکەمانە.

لە هەلومەرجێکی ئەوتودا وشیاری و لەسەرهەست بوون لە پێناو پووچەڵکردنەوەی پیلانە جۆر بە جۆرەکانی داگیرکەران ئەرکی هەر تاکێکی کوردە. هیچ هۆیەک ناتوانێ پاساوی دژایەتی و سووککردنی

یەکتر بێت. پێویستە بە ڕەچاوکردنی سیاسەتی یەکریزی و یەکییەتی لە لایەک ولە لایەکیتر رەخنە و پێشنیاری داهێنەرانە یارمەتیدەری پێکهێنانی فەزایەکی عەقڵانی و لۆژیک بیین و وزە و تواناکانمان نەک بۆ لاوازکردنی خۆمان بەڵکوو لە پێناو لاوازکردن و پاشەکشەپێکردنی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان دا بە کاربێنین.

لە یادی ٧٣ ساڵەی دووی رێبەندان دا و لە کاتێکدا کە کۆماری ئیسلامی لە ژێر تەوژمی گوشاری دەرەکی و ناوخۆ بەرەو هەڵدێری نەمانە و پەلەپرووزەیەتی و بۆ مانەوەی پەنا بۆ هەرچەشنە پێلان و رێگاچارەیەک دەبات، لەو قۆناخەدا ئەرکێکی مێژووی کەوتۆتە سەر شانی حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان،بە تایبەت هەردوو باڵی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان،کە پێشەوا قازی و هاورێیانی دامەزرێنەری بوون، ئەویش یەکریزی و یەک گوتاری و هەبوونی پلاتفۆرمێکی هاوبەشی سیاسیی روو بە ناوەوە و دەرەوە بو ئەوەی دنیای دەرەوە، ئۆپوزیسیون و دەسەڵاتی داگیرکەر بزانن کە کورد بە یەکدەنگی بریاری گەرانەوەی چارەنووسی بۆ لای خۆی و بە دەستی خۆی داوە.

با لە یادکردنەوەی دووی رێبەنداندا وێرای رێز و کرنۆش بردن بۆ شەهیدانی رێگای رزگاری نەتەوەکەمان، بیر و بۆچوون و رێبازو ئامانجیان بکەینە مەشغەڵی رێگای گەیشتن بە سەروەری و سەربەخۆیی کورد و کوردستان.

حوسێن بەخشی ٢٠١٩,١,٢٠